بەهمەنی قوبادی لەبەردەم چەند پرسیارێکدا

چاوەکانی بەهمەنی قوبادی جارێک شادوسەرنج ڕاکێشن. ئەو پیاوێکی باریکەڵەو هەیکەل بچوکە، بەڵام هەر لەسەرەتای قسەکانیەوە بۆم دەرکەوت کەبەرامبەر ڕۆحێکی گەورەو میهرەبان دانیشتووم. ئەو ڕۆژنامەنووسەی کەپێشمن لەگەڵ قوبادیدا گفتوگۆی کردبو، فارسیشی دەزانی،پێش ئەوەی وەرگێرەکەی بێت(کەدرەنگی کەوتبوو) هاوکاری کردم زۆر سوپاسی دەکەم. (تلاسی لاهیجی) کە دە دەقیقە پاش دەست پێکردنی گفتوگۆکەمان گەیشت بەردەوامی دا بەوەرگێرانی گفتوگۆکەمان. لەنێوان ئەم دووکچە فارسی زمانە وامدەزانی کە لەنێوان دوو فریشتەدا دەپارێزرێم. بەشێوەیەک کە هەیاو هوی ناو هوتێلی(sattan)م بەبەهانە وەرنەگرت، من و قوبادی لەبارەی فلیمی نیوەمانگ دەستمان بەقسەکردن کرد، کاتێک بەهمەن بۆ جەژنی(hop crowed) ئامادە ببوو.

مایکل گوبلین: بەهمەن تەواوی فیلمەکانت بەشێوەیەکی کاریگەرو بابەتیانە جوانن، ئەم فیلمانەت شاعیرانەن و ئێمە وەک بینەر دەخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە.کاتێک لەگەڵ سۆزوسیاسەت هەست بەتێکهەڵکێشانی دەکرێت لەژێر کاریگەری سیاسیانە دایە؟

بەهمەنی قوبادی: من هیچ کات نەم دەویست فلیمی سیاسیانە دروست بکەم، تەواوی ئەو فیلمەی کەدەبینین ژیانی ڕاستەقینەی خەڵکیە. کاتێک کە لە کوردستان پۆلیس دەبینی شتێکە لەهەمان شێوەی فلیمەکەدا دەردەکەوێت. هەرلەبەر ئەوەش من بەدوای فیلمی سیاسیەوە نەبووم، بۆنمونە لەهەموو ئێران جگە لەکوردستان ناتوانی بەرگەی دەستگیر کردن ببینی، زەمانێک کە لاوتر بووم شیعرم دەنوسی، خوشکەکەم شاعیرەو شیعرەکانی کاریگەریان لەسەرمن هەبووە، ئەگەر سەردانی کوردستان بکەیت دەتوانی ژیانی خەڵکی لەم شیعرانەدا ببینی، لەوێ خەڵک هەموو پێدەکەنن، تەنانەت ئەگەر ژیانێکی سەختیشیان هەبێت، ژیانی ئەوان زۆر دژوارو ناخۆشە بەڵام لەگەڵ ئەقوەشدا خەڵکی سۆزدارن، لەگەڵ یەکتردا دلۆڤانن لەگەڵ یەکتر پێدەکەنن، شیعر شتێکی سۆزاویە لەناو ئەواندا بوونی هەیە. ڕاستی فیلمی من کەکاتێکی گەورەو خەماویە، نەمدەویست تەواوی ئەم ڕاستیە بێنمە بەردەمی کامێرا. هەستم دەکرد ئەوە بۆ بینەر قورسەو ناتوانێت بەرگەی بگرن. ویستم ئەو ڕاستیە دژوارە کە کێشەی ڕاستەقینەن بەشێوەیەکی هونەری پیشان بدەم.

گوبلین: دەزانم تۆ دەتەوێ لەریگەی خەیاڵ و جوانی هاوکاریمان بکەیت لەم ناخۆشی و دژواریە؟

قوبادی: بەڵێ من دەمەوێ ئەم واقیعە بەشێوایەکی جوان پێشکەش بکەم.

گوبلین: زۆربەی فیلمەکانت بەشێوەیەکن کەبابەتی سنوری تێدا بەدی دەکرێت، لەنیوە مانگدا وادیارە کە سنورەکان بەشێوەیەکی ئاسای نابینرێن، دروست دەڵێم؟

قوبادی: ئەوە ڕاستە کەفلیمەکانی من هەموو بابەتەکان پەیوەندیان بەسنورەکانەوە هەیە بەڵام من هەمیشە سنورەکان بەشتێکی پێکەنیناوی دەزانم کەدەبێ ببێتە جێگەی ڕەخنە، هەرچەندە ئەمە تەنیا پەیوەندی بەکوردەوە نیە کە لەم فلیمەدا دەیبینین. ئەمانە سنوری بیرکردنەوەن کە کیشە دروست دەکەن، من سنورەکان بەشێوەیەکی نائاسایی دەبینم ،کێشە بەکێشە، من هەمیشە ڕوو بەڕووی دەبمەوە.

گوبلین: من بەشێوەیەک دەبینم کە(نیوە مانگ لە مۆسیقای (requiem) موتزارت هەڵقوڵاو بێت و (مامۆ) کەم تا زۆر ڕۆحی مۆتزاردی لەخۆ گرتووە ئەکرێ لەبارەوە هەندێک ڕوونکردنەوەمان بۆبکەیت؟

قوبادی: زۆر جێی سەر سورمانە کە هەستت بەم بابەتە کردووە ئەمە هەمان ئەوەیە کەخۆم مەبەستم بووە. تەنانەت خودی ناوی مامۆ دەمەویست هەمان بەبیر هێنانی ناوی مۆزارت بیت. بەڵام ئەمە هەمان ئەوەی منە بەشێوەیەکی خەیاڵاوی من. هەرچەندە وێنە گیراوی مۆزارتی لەهەمان ئەم فیلمەدا هەیە. مەبەستی سەرەکی من تەماشا چینی ڕۆژ ئاوای نەبووە، بەڵکوو خەڵکی کورد خۆی بووە، وانازانم ئەم کەسایەتیە ئەگەر لێکچونێکی زیاتری لەمۆزارتی ڕۆژ ئاوایی بچوایە جێگەی گرنگی بوایە. هەربۆیە بەمشێوەیە وینا کراوە چونکە نەمدەویست وێنەی ڕاستەقینەو جێگەی ڕەزامەندی کوردانی لێوەرگرمەوە، بۆیە من بۆ مۆزارت وینەیێک قولتر و خوێندنەوەیەکی ترم هەیە. هەرچەند من بەو سانسۆرانەی کەخۆم بۆ فیلمەکەم داناوە دەستنیشانیان دەکەم. من ئەبوو ئەم فیلمە بەو شێوەیە لەبەر خاتری کوردەکان و دیسانەوە لەدیدگەی دەوڵەتەوە بۆ خوێندنەوەی ئەم شێوازە دەبوو ئاوا دروستی بکەم. بۆنمونە سکانیک هەیە زۆر جوان و دڵگیرە کەئافرەتێک گۆرانی دەڵێ دەبوو ئەو سکانسە سانسۆر بکەم چونکە زۆر بەزەحمەت دەوڵەت ئەمە قبوڵ دەکات، هەربۆیە ئەم سکانسەم لابرد کەچی هەفتەی یەکەم ئەم فیلمە لەئێران قەدەغە کرا. تۆمەتەکەیان ئەوەیە کە ئەو فیلمە داوایەکی هەیە کەقسەیەکی پڕو پوچ و بێ مانابوو. نیوە مانگ فلیمێک نیە داوای جیابوونەوە بکات هەربۆیە زۆر نارەحەتم نەک لەبەر ئەوەی کەفلیمەکەم قەدەغە کراوە بەڵکو لەبەر ئەوەی کە ئەو هەموو سکانسە جوانەم لابردبوو. هەست دەکەم کەئەگەر بڕیار بوایە قەدەغە بکرێت باشتر بوو کە بەو شێوەیەی کەخۆم دەمویست بهاتایە بەرهەم.

گوبلین: بیستنی ئەم بابەتە جێگەی داخە، نەک بۆتەنیا بۆ قەدەغەکردنی فلیمەکەتان بەڵکو بۆ ئەوەی کەخۆتان بێتاقەتن. قسەیەکی کۆن هەیە کەدەڵێ (مەرگ لە ناوەڕاستی ژیانێکی درێژ دایە) ئەکرێ لەبارەی ئاگای مامۆ لەمەرگ کەتۆ چۆن هۆشیاریت داوە شتێکمان پێبڵێیت؟

قوبادی: پەیوەندی نیوان مامۆ لەگەڵ مەرگدا هەیەتی لەم فیلمەدا، وەکو منو مەرگ وایە. من کەسێکم کەزۆر بەتوندی لەمەرگ دەترسم، ئەم ترسە لەژیانی ڕۆژانەمدا کاتێک بەشەقامەکاندا دەچم کاتێک کاردەکەم ئەو کاتەی دەنوم ئەوکاتەی پلان بۆکاری سبەینی دادەنێم هەموو ئەم کاتانە هەست بەنزیکی مەرگ دەکەم، بۆمبم بۆدانراوە یان ئەمریکا هێرش دەکاتە سەر ئێران یان بومەلەرزە لێم دەدات هەرچەندە لەوانەیە 10 تا 20 ساڵیتر بژیم ئەمانە هەمووم لەپەراوی یادگاریم دا نوسیوەو هەست بەمردنم دەکەم بەم نزیکانە.

گوبلین: من لە قسەکانتان زۆر دڵم سارد بویەوە هیوادارم ڕاستی نەبێت. هیوادارم وەکو مامۆستای ئێمە ئەمکارەت بۆماوەیەکی زۆر درێژە پێبدەیت. پێدەچێت ئەم شیعرەی شاعیری ئەمریکای (Wallac steven) کەمیک ئارامیتان پێببەخشێ کەدەڵێ(مەرگی ئێمە لەتەواوی جوانیەکاندایە)؟

قوبادی: هیوادارم بتوانم وابیر بکەمەوە، لەوانەیە بەڕاستی هەبێت، بەڵام بەهەر حاڵ ئەمە جوڵەیەکی قوڵە لەدەروونی خۆمدا هەستی پێدەکەم. تەنها ئەم ڕاستیە کەنەک دەیەیەک یان دوو دەیە باقی ماوە بۆ فیلم دروست کردن. من ئەوەی جێگەی خەمە ئەوەی کەجگە لەم ماوەیەی کەمن ئیتر کاتیکی دی نامێنێ بۆفیلم دروستکردن هەر ئەوەشە ڕێگرە لەبەردەم ئەوەی کەمن لەژەت لەژیان نەبەم بەپێی پێویست. ناتونم لەوکاتەی کەتێیدام خۆشی ببینم چونکە ترس لەئایندە ڕێگرەو لەوەی کەخۆمی لیبەدوور بگرم .

گوبلین: هیوادورم بتوانی خۆشی لەژیان وەربگری و ئەوەی کەلەژیانت ماوە لەئایندەشدا کەبۆ هەمومان نارۆشنە خۆشی ببینی وادەزانم یەکێک لەئالۆزترین بابەتی ڕۆژئاواییەکان ئەوەیە کەجیاوازی ڕەگەزیە لەئێران وعێراقدا. بێبەشکردنی ژنان لەژیانی مەعنەوی کەلە نیوە مانگدا 1334 ژن لەگوندیکی شاخاوی ئەمە گەورەترین یادگاریە لەفیلمی نیوە مانگدا هەستی پێدەکرێ، ئەوەش دەزانم کە ئەوە گوندیکی ڕاسیەقینە نیەو خەیاڵیەو لەلای خۆت درووست بووە، بەڵام دەکرێ زانێژنان بۆچی لەگوتنی گۆرانی بێبەشن؟ بۆچ بەتاوان هەژمار دەکرێت؟ ئەم بابەتە بۆمن روون نیە؟

قوبادی: ئەمە ئەو مەبەستەیە کە من لە فیلمەکەدا هەمە. ئەمەوی پیشانی بدەم بێبەش کردنی ژنان تا چ ڕادەیەک پشتگوی خستنی ژنانە. ژنانی ئێران زۆرهەن کە هونەرمەندن بەتایبەتی کە گۆرانی گوتن بەشێکە لەدەنگی خۆشی ژنانی ئیرانی و مانایەکی تەواوی هەیە لەژیانیان، بەڵام هەست ناکەم بەپێی پێیست کارم بۆ ئەم بابەتە کردبێت، بۆیە پێویستە فلیمیکی تر دروست بکەم لەبارەی پیگەی ژنان لەئێاندا. قسەبکەم، ڕاستە کە مم فیلمە ڕاستەقینە نیە، بەڵام بەڕاستی زۆریش خەیاڵی نیە، ئەمە گوندیکی سمبولیە، چونکە هەمیشە دەڵین جیهان گۆڕاوە بۆ گوندیکی بچوک و ئەمەش ڕاستی هەیە.

گوبلین: گرتەیەکی تری فیلمی نیوە مانگ کە یەی سەرسامکرد یستنی دەنگی نیوە مانگ بوو، ژنێی گۆرانی بێژبوو کە لە سەر پاسەکەبو. من ناتوانم وابیر نەکەمەوە کەلەڕووی فەرهەنگی ئێمەوە ئەوەیە کەبوونەوەریکی فریشتە ئاساییە، یان بونەوەریکی مەعنەویە، کەهاتووەتە هاوکاریمان بکات تابگەنە خەیاڵاتیەکانیان، ئایا من ئەمە بەکەسێکی مەعنەوی یان غەیرە ماددی دەزانم ڕاست دەکەم؟

قوبادی: بەڵێ ڕاستە، من ویستم ئەوە وەک فریشتە پیشان بدەم، بەڵام ئەوە بەشێوەیەک فریشتەیەکی پێکهاتەییە، فریشتەیەک لەزەمینەوە هاتووە بەڵام بەشێوەیەکی ئاسمانی پیرۆزە. فریشتەیەکە کە لەگەل ژیان پەیوەستە هەرچەندە کەهاوکاریان دەکات کەلەستووری عیراق دەربچن، بەڵام فریستەی مەرگیشە، هەرچەندە کە ڕێنیشاندەرەکەشیان بەرەو رووی مەرگ دەکاتەوە ریگەی پیشاندەدات، ویستم ئەم روخسارە وەک فریشتە پیشان بدەم، بەڵام ئەو تەنها(hesho) هیشوو نیە کەتەنها گۆرانیبیژ بێت کەفریشتە بێت. من ویستم کەئەو کاتەی ئەو خۆی لەناو پاسەکەدا دەشاریتەوە لەهەمان کاتدایە کە ئەو لەنێوان کفن دایەو دەمرێ، پەیامێکە کەبۆ مامۆی جێهێشت، بەشێوەیەکی هەستپێکراو کەئەو کچی مامۆیە کەسایەتیەکەی هەیە لەبوونی فریشتە دەچێت، ئەم ئافرەتەم بەشێوەی فریشتە بینیوە لەکاتێک کە تەواوی ئافرەتەکان بەشێوەی فریشتە دەبینم، لەکاتێکدا ژنانی هونەرمەند بەدوو هۆکار بە فریشتەیان دەبینم، بەهۆی ئەوەی هەم ژن و هەم هونەرمەندن. ئەم فلیمەم بۆ ستایشی ژنانی هونەرمەندی ئێرانیم دروست کردووە.

گوبلین: کاک بەهمەن ئەمەوی بزانی کە ئیتر دوعات بۆ دەکەم کە مەرگ وازت لێبێنێ و بتوانی ئەو ماوەی کە لەژیانت ماوە بەخۆشی بژی و فلیمان بۆدروست بکەی.

پێکەنینی بەهمەنی قوبادی کەلەنێو خۆشی و درەوشاوەی چاوەکانی شکست و ناسۆر دەبینم.

سەرچاوە- ئایو ینینگ کلاس
و:سەردار محەمەد عەلی

هاوسەرگیریی پێشوەخت، جیابوونەوە لە پێشوەختدا دروست دەکات

"ئەو ژنانەی تەمەنێکی کەمیان هەیە بۆ نەخۆشخانەی منالبون سەردانمان دەکەن هەموویان لە ڕووالەتدا جوانن، پێم وایە زۆر لێکردنی کوران بۆ مالی کچ ئەوەی خولقاند بێت" ئەمە قسەی دکتۆرە شەمام سەعید معروفە پسپۆڕ لە نەخۆشیەکانی منالبون. بە هۆی باشتربوونی بژێوی ژیان وپەیوەندی و سۆز و خۆشەویستی نێوان کوران و کچان لەتەمەنی لاویەتدا چونە نێوژیانی هاوسەری وەک پزیشک و ئارایشتگاکانیش ئەوەپشتڕاستدەکەنەوە ڕۆژانە ڕێژەیان ڕوو لەزیادبونە ئەمەش زۆرجار زیانی تەندروستی و کێشەی کۆمەڵایەتی دروست دەکاتچنور محەمەد تەمەن 17ساڵ دانیشتوی گەڕەکی کانی سپیکە لەقۆناغی چواری ئامادەیی وازی لەخوێندن هێناوەوماوەی چەند مانگێکە شووی بەکەسێک کردوە کە نۆ ساڵ لەخۆی گەورە ترە ئەو دەڵێت ناچاربوم شووبکەم چونکە باوەژنم هەبووە، تەنها برایەکم هەیە کە سێ ساڵە ژنی هێناوە بەڵام خۆزگە ئارامم بگرتایە تاکو تەواو کردنی خوێندن بەڵام قسەی سۆزو عاتیفەی هاوسەرەکەم کاریگەری لەسەرلایەنی دەرونیم دورست



کردیەکێکی تر لە لایەنە باشەکانی زووشووکردنی کچان بە بڕوای خۆیان ئازادی زیاتر لەخێزانی سەرەتایی و زوو تر پێگەیشتنی منداڵە کەیەتی (نازەنین عوسمان) تەمەن18ساڵ شووی نەکردوەو جوانیەکی سروشتی و بەژن و باڵایەکی بەرزی هەیە ئەوەتا پێمان دەڵێت کچی مامم چوار ساڵ لەخۆم گەورەترە چونکە زووشوی کرد ئێستا سێ منالی هەیە، لەگەڵ مێردەکەی خۆشەویستی وڕێزێکی زۆر لەیەکتردەگرن بۆ هەموو شوێنێ پێکەوە دەڕۆن کە لەماڵی باوکی هەرگیز ئەوەی بۆ نەکراوە دکتۆرە شەمام سەعید پسپۆڕلە نەخۆشیەکانی منالبون وتی لە خوارتەمەنی 13ساڵ زۆر دەبینین، بەڵام لە تەمەنی 13 ساڵدا منال دروست نابێت چونکە هێلکەدانی و هۆرمۆنەکانی پێنەگەیشتوون تاکو بتوانێت کۆرپەلە هەڵبگرێت لەو ئاستەدا جسمی ئافرەت بە تەواوەتی گەشەی نەکردوە.لەدرێژەی قسەکانی دا وتی تەمەنی شووکردن لە 18ساڵ بۆ 25ساڵ بە قۆناغێکی ئاسایی دیاری کراوە، لەوتەمەنە کەمتر خراپە، بە پێچەوانەوە لە 35ساڵ بەرەو ژووروباش نییە، وەکو سەر ژمێری کراوە ئەو کەسانەی زووترشودەکەن لە 13ساڵ بۆ 18ساڵ دیارە دەکەونە بەر تەخیری زۆر فیسیۆلۆجی جسم کە سێکی 13-14ساڵ هێشتا تەمەن وجسمی بەتەواوەتی دروست نەبووە ئارامی ئەو هەموو ئازارەی منالبون ناگرێت لەوانەیە کاتی منالبون دەوروبەری ڕەحمی توشی نەزیف و درانێکی زۆر ببێت ئاکامی خراپ ڕووبدات .

دکتۆرە شەمام پێی وایە کچان و کوران پێش وەخت بە ڕێژەیەکی زۆر تر لەو کەسانەی تەمنیان گونجاوە ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن ئەوەتا خۆی دەڵێت نەوەکانی ئەمڕۆ وەکو خەڵکی لادێکانی زووی لێهاتووە کە بە زۆر کچ بە شوو دەدرا بەڵام ئێستا زۆربەیان بەبێ هیچ هۆکارێکی ئابوری قۆناغی دووی ناوەندی نابڕێت و بە حەزی خۆیان شوو دەکەن هەیانە تەمەنی (23) ساڵە، سێ جار نەشتەرگەری منالبونی بۆ کراوە ، ئەو ئافرەتانەی باڵایان کورتە و جسمیان بچوکە بە ئاسایی منالی نابێت زۆرینەیان توشی دوو عەمەلیات دەبن، لەسەر یەکتر کەخۆمان دەزانین بۆ بەنج وڕەحم و منالبونێکی تر چەند خراپە، مەلاعەبدولاَحەمەئەمین کە نابینایەکی مزگەوتی گەورەیە، لە ڕوانگەی شەریعەتی ئاینی ئسلامەوە وتی لەسەر یەکدەنگی زانایانی ئیسلام دەبێت هەر دووکیان بالغ ببن واتە (پیاو ئیحتلام بون و ئافرەتیش عادەی بۆ دروست بێت)،ئەگەر تاکو 14ساڵ هیچ گۆڕانێک ڕوونەدات لە تەمەنی 15ساڵدا حیسابی بلوغی بونیان بۆ دەکرێت چونکە لەو تەمەندا دەبن بە خاوەنی ڕەئی خۆیان لەبەر ئەوە لە15ساڵ کەمتر بێت دروست نییە چونکە نوێژو ڕۆژوی لەسەر واجب نابێت دەربارەی مەرجەکانی ژن هێنان وتی دەبێت لەبارەی سێکس و پەروەردەو بەخێوکردنی منالەوە توانای هەبێت،هەر کچ و کوڕێک بە بێ هیچ عوزرێکی شەرعی توانای شووکردن و ژن هێنانی هەبێت و نەیکات بەردەوام نەعلەتی خوای لەسەرە، ئەگەر دایک و باوک بوون بەڕێگر گوناهە کە دەچێتە سەرشانی ئەوانەسەبری جەلال تەمەن70ساڵ دانیشتوی گەڕەکی کانێسکان کە لە بەردەرگای مالی خۆیان وەستابو وەک ژنێکی خاوەن ئەزمون لە ژیاندا وتی لە 20 ساڵی یەوە شوومکرد سێ منالم هەیە ئەو پێی وایە کچان لەتەمەنی 16ساڵەوە شوبکەن باشە لەبەر ئەوەی لە دوای 25 ساڵی، پێی دەڵێن پیر بووە، بۆیە وا باشە زوو شوبکەن لەبەر ئەوەی زوو تر منالیان بۆ گەورە دەبێت کە گەیشتنە تەمەنی بەساڵاچون ئەو منالە دایک و باوکیان خزمەت دەکات

شیروان موحەمەد ئەمین
ماڵپەڕی خێزان